# هەرکەسێک بڵێت: ( سُبْحَانَ اللهِ العَظِيمِ وَبِحَمْدِهِ)^؛ ئەوا دارخورمایەکی بۆ دەچێندرێت لە بەهەشتدا

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بڵێت: ( سُبْحَانَ اللهِ العَظِيمِ وَبِحَمْدِهِ)^؛ ئەوا دارخورمایەکی بۆ دەچێندرێت لە بەهەشتدا». ^(واتە: پاکی وبێگەردی بۆ (الله ى مەزن وحەمد وستایش بۆ ئەو)
[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەرکەسێك بڵێت: (سُبحان الله:پاك وبێگەردی بۆ الله)؛ دانپێدانانە بەوەی هەموو کەموکورتیەك دوورە لە اللە، (العَظِيمِ:مەزن)؛ لە زاتی وسیفەتەکانی وکردەوەکانی، (وبِحَمْدِهِ: وحەمد وستایش بۆ ئەو)؛ لەگەڵ دانپێدانان بەوەی ئەو خاوەنی سیفەتە کامڵەکانە، هەرکەسێك ئەم زیکرە بڵێت ئەوا لە بەهەشتدا دار خورمایەکی بۆ دەچێندرێت ودەڕوێندرێت ئەگەر هەرجارێك ئەم زیکرە بڵێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4201